# وەرن با مەریوان هەڵەبجەیی رەجم بکەین*

ڤینۆس فایەق
Venusfaiq@yahoo.co.uk

چ باس لە دروستبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکرێت ، چ باس لە ئازادی و رزگاربوونی ژن بکرێت هیچیان بەهای لەوی تریان کەمتر نیە ، بەڵام ئەوەی جیاوازی ئەکات ئەوەیە ، ئەو کاتەی دەوڵەتێکی لە رووی سیاسیەوە سەربەخۆ دائەمەزرێت هێشتا ناتەواوە ئەگەر نیوەی کۆمەڵ تیایدا چەوساوە و سەرکوتکراو بێت ، ئەو کاتە وەکوو ئەوە وایە نیوە شۆڕشمان کردبێ و دروشمەکانمان بە نیوەیی نووسیبێتەوە و بە ئاوەژوو هەڵمان گرتبن..
ئەو کاتەی گرووپە ئیسلامیەکان رائەچڵەکن و فەتوای کوشتنی نووسەرێک ئەدەن لەسەر ئەوەی داوای رزگاری نیوەی کۆمەڵێک ئەکات ئەو کاتە ئەزانم چەندمان ماوە لە ناوەرۆکی ئەو شیعرانە تێبگەین کە باس لە خۆشەویستی وڵات و نیشتیمان ئەکات ، دەنا هەرگیز خۆشەویستیمان تەواو نابێت ئەگەر نیوەی کۆمەڵ خوێنەواری نەبێت و دەنگی کپ بێت..
ئەڵێن گوایا مەریوان هەڵەبجەیی کتێبێکی بەناوی (سێکس و شەرع و ژن لە مێژووی ئیسلامدا) دەرکردووە ، بەداخەوە نە مەریوانی نووسەری کتێبەکە لە نزیکەوە ئەناسم و نە کتێبەکەشم خوێندۆتەوە ، بەڵام خۆ ئەتوانم بە ئەندێشەی ژنانەی خۆم بزانم داخوا کتێبەکە باس لە چی دەکات ، هەر نەبێت بەو راچڵەکینەی یەکگرتوودا ، خۆ ناڵێت ژنان خۆتان رووتکەنەوە و وەرنە سەر جادەکان ، خۆ ناڵێت ژنان جەستەی خۆتان رووتکەنەوە و بیفرۆشن بەوەی زیاتر ئەدات ، خۆناڵێت ژنان وەرن لەسەر جادە سێکس لەگەڵ هەرچی دێت دەرِوات بکەن ، خۆناڵێت ژنان بۆتان هەیە لەیەک کاتدا شوو بە چوار پیاو بکەن ، خۆناڵێت ژنان یەک دەنگی ئێوە بەرامبەر دەنگی دوو پیاوە لە دادگا شایەتیدا ، خۆناڵێت ژنان بەشی ئێوە لە میراتی باوکتاندا بەرامبەر دوو بەشی دوو براکەتانە ، خۆناڵێت ژنان ئەوەی نوێژ ئەبرِێت و ئەبێت بچن دەستنوێژ بشۆنەوە سەگ و کەر و ژن نیە بەڵکوو سەگ و کەر و پیاوە ، خۆناڵێت پیاوان ئێوە لە هەموو مانگێک چەند رۆژێک لەبەر ئەوەی خوێنتان لەبەر ئەرِوات بە عورفی قورئان و ئاینی ئیسلام جەستەتان پاک نیە و بۆتان نیە دەست بدەنە قورئان و نوێژ بکەن ، خۆناڵێت پیاوان حیجاب بپۆشن بۆ ئەوەی ژنان نەکەونە داوی زیناو و نەزەری حەرامەوە ، خۆ هیچی لەمانە و شتی تر ناڵێت ، ئەی داخوا ئەبێت چی بڵێت هەتا مەریوان هەڵەبجەیی شایستەی گرتن و کوشتن و برین بێت..
دە وەرن با هەموو مەریوان رەجم بکەین و لە سێدارەی بدەین بە تاوانی نووسین و رادەربرِین ، بەتاوانی ئەوەی خەون ئەبینێت بە کۆمەڵگایەکی پاک راستگۆ لەسەر بنەمای رێزگرتن لە ژن و مافەکانی ژن ، ئەی تۆ بڵێی کە مەریوان کوژرا هەموو عەقڵەکان بمرن و هەموو خامەکان بشکێن؟

پێدەچی دەسەڵاتی ئایین و عەشیرەت ئەو دوو دەسەڵاتە بن نابێت باسیان لێوە بکرێت وەکوو چۆن ئەمڕ نابێت باس لە دەوڵەتی کوردی بکرێت ، لەو بەینەدا تابووەکان زیاد ئەکەن ، لەگەڵ ئەوەی ئەڵێن بای دیموکراتی هەڵیکردووە ، هێشتا عەقڵیەتی ئایینی و عەشایەری ئێمە هێند کامڵ نەبووە بە هێمنی کتێبێکی لەو بابەتە بخوێننەوە و هەڵنەچن و نەچنە سەرجادە و هەر لە خۆڕا فەتوایەکی تر دەر بەکەن ، عەقڵیەتی ئایینی و عەشایەری ئەوەندە وشک و رەق و بێگیانە باوەڕیان بە هیچ جۆرە گۆڕانێک نیە..

لەوانەیە مەریوان باس لە واقیعێک بکات ، هەروەک چۆن دەوڵەتی کوردی پاش هەزاران ساڵ دێتە دی ، هەر بەو شێوەیەش ئەو واقیعەی مەریوان بانگەشەی بۆ ئەکات پاش هەزاران ساڵ بێتە دی ، بەڵام خۆ ئەوە مانای ئەوە ناگەیەنێت دەمی خۆمان ببەستین و باس لە هیچ شتێک نەکەین ، هەرچەندە باوەڕم وایە کێشەکە لە واقیعەکەدا نیە کەناگۆڕرێت ، کێشەکە لە عەقڵیەتەکە خۆیدایە کە ناگۆڕدرێ و کە باوەڕی بە گۆڕان نیە و رەتی ئەکاتەوە ..

فاتیمە ئەلمەرنیسی لە کتێبێکیدا بە ناوی (لە پشتی حیجابەوە) رەخنە لە ئایدیۆلۆژیا ئیسلامیەکان ئەگرێ و ئەڵێت: ئەوەی زۆر باسی لێوە ئەکرێت لە کۆمەڵگایەکی ئیسلامیدا قەدەری دوانەیی دوو رەگەزی لەیەک جیان ، نەک رزگاری ژنان (هەر نەبێت یەکسانیان بە پیاو) لەو کۆمەڵگایەدا ژن و پیاو هەریەکە ئەوی تر بە دوژمن دائەنێ ، لە کاتێکدا کە ئەو سنوور و دیوارانەی نێوانیان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا ئەڕووخێن ، ئەو کاتە ئەزانن لە توانایاندایە هاوڕێیەتی و خۆشەویستی و سێکس بە یەکتری ببەخشن ، بەڵام ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی کە ژن و پیاو بە دوژمنی یەکتر دائەنێ و هەوڵ ئەدات لە یەکتریان دابڕێ ، و پیاوەکان چەکدار ئەکات بە ئامرازە دامودەزگاییەکان (مۆسساتی) کۆمەڵگا بۆ زیاتر سەرکوتکردن و چەوساندنەوەی ژن ...

کەواتە بە ئەزموون تاقیبۆتەوە شەریعەتی ئیسلام یەکێکە لەو شەریعەتانەی باوەڕی نە بە یەکسانی ژن و پیاو هەیە ، نە باوەڕیشی بە بوونی ژن هەیە وەک بوونەوەرێک لە ئاستی پیاودا ، چونکە شەریعەتێکە هەروەک فاتیمە مەرنیسیش ئیشارەتی پێداوە ، شەریعەتێکە باوەڕی بە گۆڕان نیە ، و خۆی لەسەروو هەموو تواناکانی ئادەمیزادەوە رائەگرێ ، لەبەر ئەوەی شەریعەت شەریعەتی خودایە و بۆ قەتیس کردنی مرۆڤ هاتووە ، تاوەکوو لە قاڵبی بدات ، چونکە خودا بە پێی قورئان نەگۆڕە ، کەواتە شەریعەتیش نەگۆڕە..

ئەوەی ئەمەوێ بیگەمێ ئەوەیە ئەو دەستوورەی پەسەند کرا و شەریعەتی بە بنەمای یاسادانان دانا لە وڵاتێکی وەکوو عێراق و دواتر کوردستانی پێوە لکانەوە ، هەر بە پێی ئەو دەستوور و شەریعەتە چەندی تری وەکوو مەریوان و هەموو مەریوانەکانی تر راپێچی زیندان ئەکرێن ، و هەموو تاوانەکانیشیان تەنها وشەیە ، لەگەڵ ئەوشی ئەڵێن (العین بالعین و السن بالسن..) کەچی ئەوان وەڵامی وشە بە خوێن ئەدەنەوە ، ئەی کوا مافەکانی مرۆڤ ، کوا

**دروشم و ئالاّ و باوەڕ و پرنسیپ و ئایدیۆلۆژیاکانمان کە باوەڕمان پێان هەبوو هەتا دەسەلاّتمان گرتە دەست ..**

**دە وەرن با مەریوان و هەموو مەریوانەکانی تر ڕەجم بکەین ، تۆ بلێی هێند خارق بن لەمەودوا بتوانن فیکر و عەقلّیش لە سێدار بدەن؟؟**

---

* **ناونیشانی ئەم وتارە لە بنەڕەتدا ناونیشانی وتاری شۆڤێنیەکی عەرەب بوو بەناوی (حسن التائی) لە دژی وتارێکم نووسی کە تیایدا باسی دەولّەتی کوردی و مافی کورد لە خەوبینین بە دەولّەتی کوردیەوە ، وتارەکە ناوی (وەرن با ڤینۆس فایقە ڕەجم بکەین)**